# 10- ڕێنمایی ژمارە (5) ی ساڵی 2013 بۆ مۆڵەتی هەنگەڵان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لەماددەی (3) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (6)ی ساڵی 2010 بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

1- خاوەن پرۆژە داواکارییەك پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا دەکات.

2- خاوەن پرۆژە دەبێت پێشتر لەم بوارە کاریکردبێتو بەلای کەمەوە شارەزایەکی مامناوەندی هەبێتو بەنوسراوێکی هۆبەی پاراستنی ڕووەك لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پەیوەندیدارەوە پشتگیری بکرێت.

3- شوێنی هەنگەڵان دەبێت لەباربێت لە ڕووی:

-سەرچاوەی خۆراكو ئاو.

-دوور بێت لە شوێنە گشتییەکان وەك شوێنی نیشتەجێبوونو قوتابخانەو.. تاد و هەروەها ڕێگە سەرەکیەکان کە دەبێت لە( 300) سێ سەد مەتر زیاتر بێت.

-ئاراستەی هەنگەڵان دەبێت بەرەو ڕووی باشوری خۆرهەڵات بێت.

4- دووری نێوان هەنگەڵان نابێت لە ( 2) دوو کیلۆمەتر کەمتر بێت.

5- ژمارەی پورە هەنگەکانی لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاریەکە نابێت لە (25) بیستوپێنج پورە هەنگ کەمتر بێت.

6- پارچە زەوییەك کە لە (یەك دۆنم ) کەمتر نەبێت بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات بەپێی سەنەدی مولکدارێتی یان گرێبەستی کشتوکاڵی یان هەر گرێبەستێکی بەکرێدانی یاسایی دیکە بە مەرجێك لە (10) دە ساڵ کەمتر نەبێتو تەنها بۆ ئەم مەبەستە بەکاربێت و ڕەزامەندی



Scanned by CamScanner

(ب.گ.زەوی‌و زاری) لەسەربێت. سەرباری هاوپێچ کردنی نەخشەیەکی پێوانەکاری کە تیایدا ژمارەی کەرت‌و ناوی گوندو شوێنی تەرخانکراو بۆ هەنگەلان دیاریکرابێت لەگەڵ داواکارییەکەو پشتگیری شارەزاییبونی بە نوسراوێکی ب.کشتوکاڵی پەیوەندیدار ئاراستەی ب.گ.کشتوکاڵی پارێزگا/ ب.پاراستنی رووەك دەکرێت.

7- وەرگرتنی رەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر دامەزراندنی پرۆژەکە.

8- مۆڵەتدراو دەبێت ناوی بازرگانی تایبەت بە بەرهەمی هەنگەلانەکەی بە شێوەیەکی فەرمی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ماوەی یەك مانگدا لە ڕۆژی بەخشینی مۆڵەتی دامەزراندنی هەنگەلانەکەوە دەربکات بە پێچەوانەوە مۆڵەتەکەی کاری پێناکرێت.

9- مۆڵەتدراو دەبێت پابەند بە هەموو ئەو رێنماییانە بێت کە لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی کشتوکاڵ‌و سەرچاوەکانی ئاو لەحکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت بە پێچەوانەوە مۆڵەتەکەی لێوەردەگیرێتەوە.

10- هەنگ بەخێوکردن لە ماڵاندا رێگەی پێنادرێت.

11- پاش تێپەربوونی سالێك لە پێدانی مۆڵەت ئەگەر پرۆژەکە جێبەجێ نەکرێت ئەوا مۆڵەتەکە هەڵدەوەشێت.

12- ئەم رێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**پرۆفیسۆر سیروان بابان**

**وەزیری کشتوکاڵ‌وسەرچاوەکانی ئاو**

بلاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (162) لە 2013



Scanned by CamScanner